# دامەزراندنی نوێنەرایەتیی کۆنگرەی ئازادیی عێراق/ سویسرا

بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە، کە کۆمەڵگەی عێراق لە ڕووی سیا سی و ئەمنی و  ئا بووری و فەرهەنگییەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دواوە ئەڕوات. تیرۆریزمی دوولایەنەی ئەمریکی وئیسلامی بونەتە بەڵایەکی ترسناک بەسەر ژیان و ئە منییەتی خەڵکەوە. تاکە تروسکایی لەو کۆمەڵگا پڕ لە کێشەیەدا، کۆنگرەی ئازادی عێراقە. هەر لەوکاتەوەی کە ئەمریکا شەڕی بەسەر خەڵکی بێتاوان لە عیراقدا سە پاند، لە کۆتاییدا بە ڕوخانی حکومەتی دیکتاتۆری بەعس کۆتایی هات. بەڵام لە جێگەی ئەو حکومەتە سە رکوتکە رە، سەدان هێزی کۆنە پە رست وئینسان کوژ  پەیدابوون.

 شەڕ بوو بەهۆی گیانلەدەستدانی زیاتر لە 665000 کەس لە خەڵکی بێتاوان، دارمانی هەموو پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەروەت و سامانی ئەو کۆمەلگایە لە لایەن ئەمریکا و داروودەستەی حا کمیەوە لە عێراقدا  دزران  و بە تاڵان بران.
 بە گشتی عێراق  بووە نائارامترین شوێنی دنیا، کە ڕۆژانە نزیکەی 100 کەس دەبنە قوربانی
 سیاسەتی ملهوڕیی ئەمریکا و گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە.

ئێستا لەدوای زیاتر لە 3 ساڵ  لەشەڕ و کوشتار، ئەمریکا لە عێراق سیاسەتەکانی شکستی خواردووە، تەنانەت خۆشیان ئەو ڕاستییە ناشارنەوە. هیزە ناسیۆنالست و مەزهەبییەکان بۆ گرتنیی دە سە ڵات خەریکی شەڕێکی کۆنەپەرستانەن دەیانەوێ بەڵایەکی گەورەتر بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا بهێنن. تاکە تروسکاییەک بۆ گێڕانەوەی ئەمنییەت و ئاسایش بۆ ژیانی خەڵکی مەدەنی و نەخشەی  کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕەشی  قەومی و مەزهەبی و سپاردنی دەسەڵات بەخەڵک  لە ئامانجەکانی کۆنگرەی ئازادی عێراقە .

بۆیە ئێمە لە وڵاتی سویسرا، وەک کەسانێکی بەرپرس لە داهاتوی عێراق بە پێویستمان زانی بۆ هاوکاریکردنی کۆنگرەی ئازادی عێراق و بەشداریکردن لە بنیاتنانی کۆمە ڵگایە کی مۆدێرن و دەوڵەتێکی عەلمانی لە عێراقدا،  بەڕێزەکانی ئەو ڕێکخراوە پەیوەست بین.

سە رە ڕای تاکە کان، ڕێکخراوە کان ، حیزبە سیاسیە کان ، یە کێتییە کرێکا ریە کان، هە موو ئە و کۆمە ڵە و دامە زراوانە ی کە خۆیان بە هاوئامانجی ئە م کۆنگرە یە ئە زانن و ئا مانج و
 بە رنامە یان لە گە ڵ مە نشورو ئامانجە کانی ئە م کۆنگرە یە دا ناکۆک نییە دە توانن بە پێی پە یرە وی ناوخۆی کۆنگرە ی ئازادی عێراق ببنە ئە ندامی ئە م کۆنگرە یە .

ڕێکخستنە کانی کۆنگرە ی ئازادی عێراق تە نها بە چوارچێوە ی عێراق بە رتە سک نابێتە وە.
کۆنگرە هە وڵ ئە دات کە هە موو ئینسان وڕێکخراو دامە زراوە ئازادیخوازە کان لە
سە رتاسە ری جیهاندا ، کە خۆیان بە هاوئامانجی ئە م کۆنگرە یە ئە زانن بکاتە ئە ندامی خۆی و هێزی بە شە رییە تی موتە مە دن بە وێنە ی هێزێکی نێونە تە وە یی بهێنێتە مە یدان.
هەر لێرەشەوە داوا لە کەسانی ئازادیخواز و مۆدێرن و حیزب و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی سویسرا دەکەین پە یوە ست بن بەهەولی ئیمەوە بەمەبەستی پێکهێنانی لقی سویسرای  کۆنگرەی ئازادیی عێراق .

ته نها ڕێگەی ڕزگاریی خەڵکی عێراق لەم دۆزەخە، هێنانەمەیدانی خەڵک و ڕزگارکردنی کۆمەڵگای عێراقە لە بازنەی دەسەڵاتی هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکا و داروودەستە قەومی و ئیسلامییەکان و سپاردنی دەسەڵاتە بەخەڵک. کۆنگرەی ئازادیی عێراق لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەکۆشێت.

**بژی هاوپشتی جیهانی**

**کۆنگرەی ئازادیی عێراق/ نوێنەرایەتی سویسرا**


توانا جوامێر، سه ردار حامید، جه مال کۆشش ,ئاسۆ جه بار
هۆشیار قادر، شه هاب سالم،ته حسین که ریم ، جمعه عمر
freiheitskongress@yahoo.de
www.ifcongress.com


10.11.2006